# دانانی ( دادوەر )ی زیاتر بەزوویی

# چارەنووسی زیندانیان بەدەردێخێ




بەمەبەستی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان و (یونامی) و رێکخراوە مەدەنیەکان رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٦ بەسەرپەرشتی د٠شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی فراوان سازدرا٠٠

لەم کۆبوونەوەیەدا کەژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی ئەم رێکخراوانە ئامادەبوون باس لەسێ تەوەری گرنگ کرا لەمانە،هەڵسەنگاندی راپۆرتەکەی (هیومن رایتس ووچ) و قسەکردن لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکان٠

بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاکان لەسەر ئەم راپۆرتە ئاڵوگۆڕکراو ئەوەی زیاتر مەبەست بوو دەبوایە ئەم رێکخراوە بەشێوازێکی (بەلگەدارە)وە راپۆرتەکەی خۆی بخستایەتە روو و ئاماژەش بەوەدرا کە رێکخەرانی ئەم راپۆرتە باس لەهاوکاریکردنی دەزگاکانی حکومەتی کوردستان دەکەن بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان٠٠

ئەمەش دووپاتکرایەوە کە دروستکردنی بەندیخانەیەکی مۆدێرن و دانانی ژمارەیەکی بەرچاوی (دادوەر)ان کۆمەڵێ گرفت لەم بوارەدا کەمدەکاتەوە٠

هەرلـەم کۆبوونەوەیـەدا بـاس لەمافـەکانی منـدالآنی سەرشـەقام کـراو پێـشنیار کـرا کـە پێویـستە کۆبوونەوەیەك لە نێوانی هەردوو وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ و کـارو کاروبـاری کۆمەلآیـەتی بـۆ گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمێك تا ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە٠٠٠

لەتەوەرێکی تـردا توندوتیـژی دژی ژنـان تـاوتوێکرا لەهەنـدێ داواکـاری فدراسـیۆنەکانی ژنانیـان کۆڵیـەوە دەیانەوێ بێنە ناو ئەم لێژنەیەی کەبەپێشنیاری وەزارەتی مافی مرۆڤ لەئەنجومەنی وەزیـران پێکهاتووە بۆ ئەم مەبەستە٠

لەلایـەنی رەوشـی مـافی مـرۆڤ و پێـشێلکارییەکانیش قـسەکی زۆر لەسـەر ئـەم بـارەکراو واخرایـە روو کـە پێویـستە ئـەو دیـاردە نـەگونجاوەی کەلەلایـەن هەنـدێ لەکارمەنـدانی ئاسـایش دێتـە ئـاراوە بنبڕبکـرێ و جۆرێك لەهۆشـداری و هۆشـیارکردنەوە بدرێتـە ئـەو کەسـانەو ئامـاژەش بـەوەدرا ئـەم جۆرە کارمەندانـە بەبەردەوامی لەلایەین ئیدارەی ئاسایش رووبەڕووی لێپێچینەوەو سزادان دەبن٠

جارێکی دیکەش لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لەوەکرایـەوە کـە دەبـێ رێگا چارەیەك بـۆ ئـەو زیندانیانـەی بەتاوانی تیرۆر بەر لەدەرچوونی یاسای تیرۆر کەلەپەرلەمانی کوردستان لـەمانگی تـەموزی ٢٠٠٦ دەرچـوو گیراون بدۆزرێتەوە،چونکە ماوەیەکی زۆرە هەنـدێکیان لـە زینداناندان و بـەبێ چارەنووس ماونەتـەوە و ئەمەش رەچاو کرا کەدەبێت ئەم زیندانیانە پارێزەری تایبەتی خۆیان هەبێت٠٠٠

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند٠

